# خوێندنی کوردی
# لە خۆی بۆ کۆماری کوردستان

بەشی دووەم

غازی حەسەن/ شام

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا زمانی کوردی لە دوای ئەو هەوڵە دڵسۆزانەیەی عەبدولڕەحمان بەدرخان بە هاریکاری ئۆربیلی لە (خۆی) درا، ئیتر بە هیچ جۆرێك تروسکاییەك بۆ خوێندن بە زمانی کوردی نەما، دوای هاتنی ڕەزا شاش بە یەکجاری بینەی کورد گیراو نەك خوێندەواران، بەڵکە ئەدیبانیش تەنگەتاو کران و هەناسەبڕکێیان پێخرا. تاقە سەرچاوەو بنکەی خوێندەواری کوردستان مزگەوت و حوجرە بوو، ئەوانیش زۆر بە دەگمەن زمانی کوردی تێدا بەکار دەهێنراو دەخوێندرا.

لە ئێران جگە لەو تاقە هەفتەنامەیەی سمکۆ لە ورمێ بۆ ماوەیەکی کورت بێ ڕێگە پێدانی قانونی حکومەتی تاران دەری کردبوو، ئیتر ماوەی دەرچوونی هیچ گۆڤارو ڕۆژنامەیەك، یان چاپ کردنی هیچ کتێبێکی کوردی نەدراوە. بەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ قسەکردنیش لە دائیرەکانی دەوڵەت و لە قوتابخانەکاندا قەدەغەبوو. کاربەدەستانی ڕژێمی پەهلەوی بوونی کوردیان ئینکار نەدەکرد، وەکو کەمالییەکان لە تورکیا دەیان کرد، بەڵام دانیان بەوەدا نەدەنا کە کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆو جیاوازە لە فارسی. وایان بڵاوکردەوە: کورد یەکێکە لە قەبیلە ڕەسەنە خوێن پاکەکانی ئێران، زمانی کوردی یەکێکە لە زاراوە پاکەکانی زمانی فارسی. چەندین مامۆستای زانستگای تاران و زانای ئێرانی لەلایەن کاربەدەستانەوە ڕاسپێردران بۆ ئیسپات کردنی ئەو بۆچوونە لێکۆڵینەوەو باسی مێژوویی و جوگرافی و زمانەوانی و سۆسیۆلۆجی بنووسن. لەبەرئەوە هەمیشە کورد وای دەکرد کە زمانەکەی بە ڕەمزی خۆناسین و سەلماندنی نەتەوایەتی خۆی دابنێت. ڕۆشنبیرەکانی هەوڵی دارشتنی ڕێزمان و ڕێنووسی تایبەتی و ڕاگرتنی ئاخاوتنی زمانەکە بە پاکی و، بژارکردنی لە وشەی بێگانەی عەرەبی و تورکی و فارسی و نووسینی فەرهەنگ بدەن(11).

دەبێت لێکۆڵینەوەکەی نەوشیروان مستەفا لەمەڕ کۆماری کوردستان، کە ڕاستەوخۆ شیکردنەوەی گوتارو نووسینی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستانن بە بایەخی زۆرەوە سەیر بکەین، بەتایبەتیش لەم باسەی ئێمەدا جێگەیەکی باش و دیار پڕ دەکاتەوە، لەمبارەیەوە نووسیویەتی قوتابخانەی حکومەتیی لە کوردستاندا یەکجار کەم بووە. بەشی هەرە زۆری خەڵك نەخوێندەوار بوون. ئەوەش وەنەبێ ڕووداوێکی بە ڕێکەوت بوو بێت. بەڵکو ئەمە سیاسەتێکی نەخشە بۆکێشراوی ڕژێمی پەهلەوی بوو. حکومەتی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی دەلاقەی پشت گوێ خراوی دەیان ساڵی چەند هەنگاوێکی گرنگی هاوێشت. مەنافی کەریمی لە (هەیئەتی ڕەئیسەی میللی)دا دانرا بە (وەزیری فەرهەنگ) و لەپاڵ ئەوەدا (هەیئەتی فەرهەنگی)یش دامەزرێنرا. (هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان) لە یەکێ لە کۆبوونەوەکانیدا چەند بڕیارێکی گرنگی بەمجۆرەدا:

ڕۆژی چوارشەممە 12ی 10ی 24 جەلسەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان ساتی دوێنێ نیوەڕۆ گیرا لە بابەت مەکتەب و دانانی دوو نەفەر پشکنێرە بۆ مەکتەبەکان گفتوگۆی لازم کرا. ئاغایانی عەلی خەسرەوی و ڕەحیم لەشکری بۆ پشکنێریی هەڵبژاردن و حوکمیان صادر کرا.

قەرار درا ئەو منداڵانەی بێ کەسن و بە سواڵ مەشغوڵن کۆ بکرێنەوە لە ناو میللەتدا بەش بکرێن و ڕۆژانە لە مەکتەبی گەلاوێژ بخوێنن و بۆ خرکردنەوەی ئەم هەژارو بێ کەسانە بە شارەوانی ئەمر درا کە خریان بکاتەوەو بیان داتە دەست ئاغایانی حسێنی فەروهرو مەنافی کەریمی و ئەوانیش بە نێو میللەت دابەشیان کەن.

2- بە ئەکسەریەتی ئارا پەسند کرا ئاغایانی فەروهرو کەریمی خەڵکی بێ سەواد حازر کەن کە شەوانە لە مەکتەبدا بە زمانی کوردی بخوێنن.

3- پەسند کرا هەموو نیشانەی (تابلۆ) ئیدارات و مەکتەب و ئیجارەتخانان و عەمارەتەکان بگۆڕن و بە کوردی بنووسرێت.

4- پەسند کرا ئەو منداڵانەی کۆ دەکرێنەوە تەمەنیان لە 6 تا 14 ساڵان زیاتر نەبێت.

5- لە ئاخری جەلسەدا پەسند کرا کە جەلسەی دیکە جۆری لیباسی شاگردی مەکتەبەکان مەعلوم کرێت (12).

ناوی قوتابخانەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان

کارێکی‌تر پاراستنی زمانی کوردی بوو، گۆڕینی ناوەکان لە فارسییەوە بۆ کوردی و ڕێگەگرتن لە بڵاوکردنەوەی زاراوەو وشەی بێگانە بوو، لەمبارەوە هەیئەتی تایبەت بە فەرهەنگ و قوتابخانەکان بەم شێوە بڕیاریان داوەو ناوی قوتابخانەکانیان دیاری کردووە.

کوردستان ئەم (ئاگاداری)یەی بڵاوکردۆتەوەو دەڵێت:(بەپێی دەستووری پێشەواو ڕەئیسی جمهوری کوردستان لە 20/10ی 24دا هەیئەتێك لە ئاغایانی فەرهەنگی لە ئیدارەی فەرهەنگ کۆبۆبوونەوە پەسند کرا کە مەدرەسەی پەهلەوی بە نێوی مەکتەبی کرمانجی کوردستان نێودار بێت. خواهیشمە دەکەین لەو تاریخەوە بە نێوێکی کە پەسند کراوە: (مەکتەبی کرمانجی) بناسن. قوتابخانەکان بە ناوی (کوردستان) و (گەلاوێژ) و (پێشەوا) ناونران. وەنەبێت هەر ناوی قوتابخانەکان گۆڕابێ، بەڵکو زمانی خوێندن و، جۆری خوێندن و، بەرنامەکانی بەگوێرەی هەل و مەرجی سیاسی نوێ گۆڕان.

کوردستان بە ئیمزای (معاونی حزب-تەها زادە) لە کوردستان لەمەڕ خوێندن و بە ناوی (کۆمیتەی مەرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان) ئەم ئاگادارییەی بڵاوکردۆتەوە.

(بۆ تەواوی ئەهالی خۆشەویستی سابلاخ ڕادەگەیەندرێت: لەسەر ئەمری پێشەوای موعەززەم و قەراری حزبی دیموکراتی کوردستان لەوەی بەولاوە پێویستە بۆ پەرەپێدان و ڕەواجی زمانی کوردی خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردییە. لەو تاریخەوە تا 10 ڕۆژی دیکە هەر کەسێك کوڕو کچی هەبێت کە عومری ئیقتیزای خوێندن بکات دەبێت بینێرنە مەدرسە. ئەڵبەتە هەر کەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕێ بە توندترین موجازات تەنبێ دەکرێت) هەندێك قوتابخانەی نوێ لە سابلاخ و بۆکان و شنۆ کرانەوە، لەوانە قوتابخانەیەکی کچانە لە شنۆ(13).

کەمینە دینییەکان و خوێندن

هەردەم لە کوردستاندا هەوڵ دراوە ڕێزی کەمینە دینی و نەتەوەییەکانی تر بگیرێت، کۆماری کوردستانیش هەمان نەریتی باوی نێو کوردەواری پەیڕەو کردووەو ڕێزی لە برایەتی و تەبایی گرتووە، وێڕای پەیڕەوی دیموکراتییەت و ئازادی، دەرفەتی بۆ کەمینە دینییەکانیش ڕەخساندووە سوود وەربگرن. لەمبارە دەبێت پەنجە بۆ ئەو هەڵوێستە سیاسی و مرۆییە درێژ بکەین کە حکومەتی کوردستان ڕێزی مافی فەرهەنگی و دینی کەمینە دینییەکانی گرتووە، ڕێگەی بە کلیمیەکان واتە بە جووەکان داوە قوتابخانەی تایبەتی خۆیان بکەنەوە. کوردستان لەمبارەوە ئاگادارییەکی بڵاوکردۆتەوەو تێیدا هاتووە:

(بە عومومی میللەتی کلیمییانی دانیشتوانی مەهاباد ڕادەگەیەنم کە لەژێر حیمایەتی حەزرەتی پێشەوای موعەززەم و مەحبوبی کوردستان و نەزارەتی ئیدارەی موحتەرەمی فەرهەنگ بە ئیجازە لە مقاماتی بەرزی کوردستان مەدرەسەیەك بە نێوی تێکەڵی کوردی و عیبری دەکەینەوە. پێویستە لە بەرواری ئەو ئاگادارییەوە منداڵانی خۆتان چە کوڕو چە کچ بە دەفتەری ئەو مەدرەسە کە ڕووبەڕووی عەمارەتی داود زادەیە بە موعەرەفی و سەبتی بگەیەنن. لە غەیری ئەو صورەتەدا مەجبورەن بە وەسیلەی شارەوانی حازر دەکرێن. مدیرو سەرپەرشتی مەدرەسەی عیبری. داود زادە(14).

دەردەکەوێت ئەگەر بارودۆخی چڕو بەرژەوەندی زلهێزەکان و ململانێی ناوەوەی ئێران لەبار بووایە، ئاسۆیەکی گەش لە کارو هەنگاوەکانی کۆمار بەدی دەکرا، بەتایبەتی لە ئاسۆی بیرکردنەوەو ئەو کۆششانەی بۆ پتەوکردنی دیموکراسییەت و ئازادی و ڕێزگرتنی بیروڕای جیاوازو فرە نەتەوەو مەزهەبی دەنرا، بەڵام لە تەمەنی کورتی (11) مانگەی کۆماری کوردستان و ئەو هەل و مەرجەی هەبوو، توانای لەوە زیاتر لەبەردەستدا نەبوو.

گوتاری هەینی بە زمانی کوردی

ئەرکەکانی کۆمار لە ناوەخۆ زۆر لەوە قورسترو فراوانتر بوون، بتوانرێت لە ماوەیەکی کورتدا بەسەریاندا زاڵ بن، بڵاوکرانەوەی زمانی کوردی و چەسپاندنی زمانی کوردی پاراستنی زمانی کوردی ئەرکێکی لە پێشی کۆماری کوردستان بوو، چونکە ئەو کات و ئەمڕۆش چەسپاندن و پاراستنی زمانی کوردی ئەرکێکی نەتەوەیی و لە پێشە. ئامانجی زمان، بۆتە ئامانجێکی سیاسی، چونکە دوژمنان دەیانەوێت زمانی کوردی بسڕنەوە تا ناسنامەی نەتەوەیی کورد نەهێڵن. ئەگەر مەلا کوردەکان گیانی نەتەوەییشیان بەهێز بێت و بەشێکی زۆریان لە حوجرە خوێندەوارییان بڵاوکردبێتەوە، بەڵام زمانی کوردییان وەلاناوەو زمانی عەرەبی (قورئان)یان، زمانی کارو خوێندەواریان بووە. خانی داوای سەروەربوونی زمانی کوردی کردووەو حاجی قادر بەلا بۆ ئەوانە دەنێرێت کە زمانی دایکی خۆیان نازانن و (نالی) لە سایەی شیعر نووسین بەسێ زمان خۆی بە خاوەنی سێ موڵکی دیوان دەزانێت.. ئەگەر ڕۆژگارێك بە کوردی شیعرو نووسین و بە کوردی خوتبەدان عەیب و نەشیاو بوو بێت، کورد لەمەش لە بەدبەختی لە پێشەوە بووە. لە مزگەوتی گەورەی شارەکاندا خەتیبی جومعە دەبوو بە زمانی عەرەبی یان بە زمانی ڕەسمی دەوڵەت خوتبەی جومعە بخوێنێتەوە. حاجی قادری کۆیی مشتومڕێکی توندوتیژی خۆی لەگەڵ کابرایەکدا دەگێڕێتەوە، لەسەر ئەوەی کابرا ڕەخنەی لە کاك ئەحمەدی شێخ گرتووە چونکە قورئانی بە کوردی لێکداوەتەوە.

حزبی دیموکراتی کوردستان بڕیاریدا کە ئیتر خوتبەی جومعە بە کوردی بخوێندرێتەوە بەم بۆنەوە ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارە (10) 10/11/24 ئەم هەواڵەی بڵاوکردۆتەوە.

(هەوەڵ جار کە خوتبەی جومعە بە کوردی بخوێندرێتەوە)

وەکو برایان هەموو دەزانن ساڵێکی تەواوە کە لەلایەن حزبەوە دەستوور بە ئیمامی جومعە درا بوو کە خوتبەی جومعە بە کوردی بخوێندرێتەوەو، ئیمام لە پێشدا خوتبەکەی بە کوردی دەخوێندەوەو پاشان بە عەرەبی، بەلا دوێنێ 12ی 11ی 1324 ئیمام پاش بسملە خوتبەکەی بە کوردی خوێندەوە..

بە ئیمزای پێشەواو ڕەئیس جمهوری بەرزی کوردستان لەلایەن حزبەوە بە جەنابی مەلا حسێن مەجدی ئیمام جومعەو سەید محەمەد حەمیدی ئەمر دراوە کە خوتبەی جومعە لەسەر دەستووری ژێرو تەنزیم بکرێ:

(موبارەزە دەگەل خورافات و، ئیحتیرامی قانون و دین بێهداری و ئیجادی بیمارستان. تەئسیری ئەمنییەت و ئەهمییەتی سەربازی وەزیفە.. تەهیەی کورەکستان. چلون دەبێ پێش بە تەراخوم بگیرێ. ڕوحی سیلەح شوری. وەحدەتی میللی.. عەواقیبی تەبەهکاری، سوخەن چینی و دوزبانی. وەدەستوور دراوە جەنابی ئیمام جومعەش ئەمانە ڕەچاو بکرێت و خوتبای دێهاتیش لەم دەستوورە پشتیوانی بکەن)(15).

لەم باسەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بوژانەوەیەکی کەم وێنە لە ماوەی (11) مانگی دەسەڵاتی کۆماردا ڕوویدا، وێڕای کردنەوەی قوتابخانەی کوڕان و کچان، خوێندن ئیلزامی کراو هەتیوو بێ کەس و کارەکان لەلایەن شارەوانی کۆ دەکرانەوەو دەنێردرانە بەرخوێندن، ئافرەتان و کچان بۆ یەکەمجار لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەم شێوەیە هاتنە کۆڕی کارەوەو دەستیان بە خوێندن و بەشداری ڕاستەوخۆی کۆمەڵگاو هێنانەدی مافەکانیان کرد. زمانی کوردی نەك لە خوێندن بەڵکە لە مزگەوت و بۆنە ئایینییەکانیش کرایە زمانی ڕەسمی حکومەتی کۆماری کوردستان، لیژنەی فەرهەنگی بۆ پاککردنەوەی زمانی کوردی و نووسین بە زمانی کوردی و تابلۆ نووسینی سەر شۆستەو دوکان و کۆگاکان بە کوردی کرایە بڕیار.

پشکنەری خوێندنی قوتابخانە لە کۆمار دانرا، بەڕێوەبەری قوتابخانەی کچان مامۆستایەکی ئافرەت بوو، ناوی قوتابخانەکان کرایە کوردی و نەك لە مەهاباد بەڵکە لە چەند شارێکی تریش قوتابخانە کرایەوە. چەند مامۆستایەکی کوردستانی باشوور وەکو (محەمەد دووری، عەبدولقادر ئەحمەد، عوسمان دانش، جەمیل بەهائەدین)(16) بۆ دەرس گوتنەوەو بەشداری کردن لە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری چوونە مەهاباد و ڕۆڵیان بینی.

ڕۆژنامەو گۆڤار بە زمانی کوردی دەرچوون، کتابی کوردی چاپ بوون و بۆ خوێندن هەوڵ دراوە کتێب بکرێنە کوردی، چاپخانە دامەزراوەو ڕادیۆی کوردیان داناوەو بایەخیان بە کتێبخانەو سینەماو شانۆ داوە. کە ئەمانە هەمووی بەڵگەی ئەوەن کۆماری کوردستان خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگی بواری خوێندەواری و خوێندن لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و پەرەپێدانی ڕۆشنبیری دروست کردووە، وتارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤارەکانی ئەو کات بەڵگەی ئەوەن کە دەسەڵاتدارانی کۆمار پەرۆشی ئەوە بوون خوێندەواری بڵاو بکەنەوەو بیریان لەوە کردۆتەوە ژمارەیەك کەس بۆ خوێندن ڕەوانەی سۆڤیەتی پێشوو بکەن.

دوای کۆمار تا ئەم ساڵانەش خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغە بوو، قوتابخانەکان خوێندنیان بە فارسی تێدا بڵاوە. پتر لە 65%ی دانیشتوان بە نەخوێندەوار دانراون. ڕاستە دوای شۆڕشی 1979 ئێران، دەرفەتێکی تازە لەبەردەم خوێندەوارو ڕۆشنبیرو فەرهەنگی کوردی کراوەتەوە، بەڵام دیسان ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە خوێندن لە قوتابخانەکان بە کوردی ئازادە، کوردی لە زانکۆی ئازاد لە سنە کرایەوە (17). ڕاستە لە هەشتاکان بە دواوە ناوەندی فەرهەنگی کوردی و دەزگای سەلاحەددینی ئەیوبی لە ورمێ دامەزراون و گۆڤاری سروە دەردەکەن و کتێب بە کوردی چاپ کراوە، گۆڤاری ئاوێنەو هەفتەنامەی ئاویەرو سیروان و چەند بڵاوکراوەیەکی دیکە لە شارەکانی کوردستان و تاران دەردەچن.. لە زۆربەی شارەکان ناوەندی ئەدەبی دروست بوون و ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرو شاعیرو ئەدیب و هونەرمەند دروست بوون و بە کوردی دەنووسن و بەرهەمەکانیان بڵاو دەکەنەوە، بەڵام هێشتا زمانی کوردی بە ڕەسمی نەبۆتە زمانی دەوڵەت و زمانی خوێندنی قوتابخانەکان نییە. وەلێ ژمارەی خوێندەوارو نووسەرو داناو پسپۆڕو خودان بڕوانامەو کەسانی شارەزا گەلێك زۆر بوون و هەندێکیان لە ئاستی ئێراندا ناسراون و جێگەی بایەخ و ناوهێنانن. خوێندەوارو نووسەری کوردی ئەوتۆ هەڵکەوتوون، کە دەکرێت بۆ ئایندە بکرێنە بەردێکی پتەو بۆ بیناکردنی کۆمەڵگایەکی خوێندەوارو پێشکەوتوو. دەبێت لێرەدا بۆ مێژوو ئاماژە بەوە بکەین لە سەرتاسەری کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ئەنجومەنە ئەدەبییەکانی کە خودان قەڵەمن ڕۆڵێکی گەورە لە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و بەرەو پێشەوە بردنی زمانی کوردی دەبینن، لە ناوەڕاستی 1999دا وەکو تاقە ئەزمون لە ڕێگەی ئەنجومەنی ئەدەبی سنەوە هەردوو مامۆستا (مامۆستا شەریفی شاعیرو مامۆستاو خوشکە ناهید حوسێنی شاعیرو مامۆستا) بە شێوەیەکی نارەسمی قوتابخانەیان بۆ فێربوونی خوێندن بە زمانی کوردی لە شاری سنە کردۆتەوە لە چەشنی بیستەکانی کۆمەڵگای کوردستان و هەڵگرانی چرای زانست خەڵك فێری خوێندەواری دەکەن و دەرس دەڵێنەوەو زمانی کوردی فێری ئەو کەسانە دەکەن کە ڕوویان تێدەکەن.

لە دیماهیدا پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی لایەنە سیاسییەکانیش لە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و خوێندن بە زمانی کوردی تێکڕا بکەین، بەتایبەتیش حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە پتر لە نیو سەدەیە تێدەکۆشێت و گرنگی زۆری بە کردنەوەی قوتابخانەو خوێندن بە زمانی کوردی داوەو ئەمڕۆش قوتابخانە تایبەتییەکانی جێگەی ئەم گرنگی پێدانەیەو زۆر کەس لێیەوە فێری خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی و خوێندەواری و ڕۆشنبیری بوە. چ لە سەردەمی کۆمار، یان لە سەردەمی شۆڕشی 1979 ئێران لە ماوەی دوو ساڵان هەوڵی بەرچاویان دا. ئەمڕۆش لە کوردستاندا چەند زانکۆو ئامۆژگایەك هەن.

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

1- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەری جیهانی یەکەم، بەغدا، 1975، ل23.
2- هەمان سەرچاوە، ل39.
3- عبدالرحمن قاسملۆ، چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی، چاپی دوهەم، 1988، ل15.
4- د.عبدالرحمن قاسملۆ، کوردستان و کورد، عبدالله حسن زادە، 1973 ل91.
5- عبدالرحمن قاسملۆ، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، ل37.
6- نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان، کورد لە گەمەی سۆڤیەتی‌دا، 1993، ل63.
7- هەمان سەرچاوە ل62.
8- هەمان سەرچاوە ل88.
9- هەمان سەرچاوە ل107.
10 هەمان سەرچاوە ل121.
11- هەمان سەرچاوە ل143.
12- هەمان سەرچاوە ل147.
13- هەمان سەرچاوە ل148. ژمارە (1)ی کوردستان 20/10/24 بەرامبەر 4/2/1946.
14- هەمان سەرچاوە ل149.
15- هەمان سەرچاوە ل145.
16- هەمان سەرچاوە ل118.

بێگومان لە پێکهێنانی حکومەتدا لە بەشی فەرهەنگی بایەخی تایبەت بە مەسەلەی مەعاریف و پەروەردەو فێرکردن دراوە. لە سەفەرەکانی وەفدی کۆمار بۆ ئازەربایجانی سۆڤیەتی (باکۆ) لە تەك کۆمەکی چەك و هێنانی چاپخانە، داوا کراوە کە ژمارەیەك قوتابی کورد بۆ تەواو کردنی خوێندن ڕەوانی ئەوێ بکرێن، ئەمەش لەو کاتدا هەست کردن بە بەرپرسێتی و بیرکردنەوە بووە لە داوڕۆژی خوێندن و زانست و زانیاری لە کوردستاندا. هەروەها لە ساڵی 1958 لەژێر کاریگەری ڕزگاری کوردانی عێراق و هاندانیان لەو ترسە شا دەستی بە سەرکوت کردن و بە عەسکەر ناوچەکەی تەنیەوەو خستیە ژێر چاودێری توندی ساواك و پۆلیسی نهێنی و جوڵانەوەی کوردەکانی لە گوندێك بۆ گوندێکی تر سنووربەند کرد. زمانی کوردی لە خوێندن و فێربوون قەدەغە کرد و قوتابیان ناچار کران فێری خوێندنی فارسی بن وەك بەشێك لە سیاسەتی نەهێشتنی ناسنامەی سەربەخۆی کوردان. بڕوانە:

هارمن موریس و جون بلوم، لا اصدقاء سوی الجبال، ترجمة راج ال محمد، مراجعة وتقديم هادي العلوي، لبنان ل188.

17- هەفتەنامەی گوڵان، غازی حەسەن، ڕۆشنبیری کوردی لە سەدەیەك، ژمارە (261) 13/1/2000، ل53.

بڕیار درا بۆ یەکەمین جار زمانی کوردی لە زانکۆی ئازادی ئیسلامی لە سنە بخوێندرێت بەرپرسی بەشەکە بارامی وەلەدبەگی سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاویەر دەڵێت: ئەم پرۆسەیە بە باشی دەچێتە پێشەوەو لە زووترین کاتدا بە هاوکاری مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان نووسینی کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی دەست پێدەکات و قوتابیانی ئازیزی زانکۆ بۆ یەکەمجار زمانی زگماکی خۆیان دەخوێنن. ئەم هەواڵە ناوەڕاستی ساڵی 1999 بڵاوبۆتەوەو ئەمەش بە هەنگاوێکی گرنگی ڕۆشنبیری لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دادەنرێت و هەر لە مانگی (12)ی 1999دا بڵاوبۆتەوە کە زمانی کوردی لە زانکۆی تارانیش بڕیارە بخوێندرێت.

لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا چەند زانکۆو ئامۆژگایەکی پێگەیاندنی مامۆستایان هەیە. هەرچەندە خوێندن بە زمانی کوردی نییەو پرۆگرامەکانی خوێندن چ پەیوەندییەکی بە مێژووی ڕەسەنی کوردەوە نییە. وەکو ئەمانە دانیشگای کوردستان لە پێش ساڵی 1979 دامەزراوە سەرەتا سەر بە دانیشگای (ئازادی ئیسلامی و پەیمانی نورو پەیمانگاکانی هونەری و کشتوکاڵی و پەروەردەی مامۆستایان، هەیە. لە سەقزیش دانیشگای پەیامی نور کراوەتەوە).



زیرەك کەمال

## ئەلف و بێی سیاسەت

زۆر جار لە مێژوودا وابووە بەرەی ئازادیخوازی و هەڵگری فیکری پێشکەوتنخوازی و نوێنەری کارگەرو چەوساوەکان لە مەیدانی شەڕە مەزنەکان یاخود لە نێو پرۆسەی هەڵبژاردن لە بەرامبەر بەرەی بۆرژوازی و هەڵگرانی فیکری دواکەوتوو دووچاری پاشەکشە یاخود با بە مانا کلاسیکییەکە بڵێین دووچاری دۆڕان هاتوون، بەڵام پاشەکشەو دۆڕانی ئەم بەرەیە نەك هەر نەبۆتە مایەی خێرو ئاسوودەیی وڵات بەڵکو بۆتە باجێکی قورسی سەر خودی جەماوەر خۆی. دیارە زۆر جاریش هەر خودی ئەو جەماوەرەش لە دەرەنجامی دواکەوتن و نەبینینی ژیانێکی دیموکراسییانە بەرچاوی ڕوون نەبووەو، لەم شەڕەدا یاخود لە مەیدانی هەڵبژاردندا بۆتە پشتیوانی بەرەی بۆرژوازی و بیرۆکراتی دواتر ئەو بەرەیەش نەك هەر ڕێزی لە دەنگی ئەو جەماوەرە نەگرتووە کە ئەوی گەیاندۆتە سەر کورسی دەسەڵات بەڵکو بە پێچەوانەی ویست و خواستی ئەو جوڵاوەتەوە.

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ڕابەرانی پڕ شکۆترین شۆڕشی جیهانی لە نیکاراگوا لە بەرامبەر کۆنەپەرستترین و ڕاسترەوترین حزبی وڵاتەکە لە هەڵبژاردن دۆڕاندی، بەڵام دواتر تەنها مانگێك بەسەر دەرەنجامی هەڵبژاردنەکە تێنەپەڕی کە وڵات لە هەموو ڕووێك دووچاری داڕووخان هات و سەرجەم ئەو دەستکەوتانەی کەوا شۆڕش بۆ خەڵکی نیکاراگوا بە دەستی هێنابوو لە نێوبران.

(گوگان) کە هونەرمەندێکی گەورەی ئەمریکی بوو تاکو لە ژیاندا مابوو خەڵکی وڵاتەکەی بە کەسێکی بێ توانا و بگرە شێتیشیان دەزانی و دواتر بە چەپڵە وڵات بەدەریان کردو لە دەشت و دەر گورگ خواردی، بەڵام خەڵکی ئەمریکا کە چاوی کرایەوە لە گەورەیی گوگان و بەرهەمەکانی تێگەیشتن ئێستا تابلۆکانی بە (20) ملیۆن دۆلار دەفرۆشرێت. واتا لە وڵاتێکی دواکەوتوودا نەبردنەوەی مانای باشی لایەنی براوەیە نەدۆڕاویش مانای خراپی دۆڕاوە هەر بۆیەش هەر کەس و لایەنێك قەناعەت و بۆچوون و تێڕوانینی وانەبێت لە ئەلف و بێی سیاسەت تێنەگەیشتووە.